# دوگمه
# یا
# له قاوه خانه یه کدا

وه ك گورگی باراندیده،
ئاره زووی له شه وراوه نیگای دڵی چاوچنۆك -
له لانی وه ده ر ناوم،
بۆ جوانێکی گه ردنکێل دایرماندووم بۆ سه ر چۆك.
دورگه یه کی نه بینراو ... گازم ده کا بۆ سه فه ر،
به ڵام رێگه ی لێ گرتووم ته سلیمی دوگمه ی به رۆك!

*   *   *

ئه و دوگمه بچووکانه
ده ڵێی چاوی بازانن هێند لاسار و نه ترسن،
ناتروکێنن و ناتروکێنن:
کلیلداری گه نجینه ن، وه ڵامی هه زار پرسن.

*   *   *

ده دوێن و حاڵی نابم -
دوگمه ن یا لوغمی رێگا؟
رێگرن یا رێنوێنم؟
هه ڵمه ت ده به م - ناگیرێن.
بۆرِ ده خۆم و کۆڵ ده ده م -
ئه وان ده که ونه شوێنم!

*   *   *

چبکه م! هێدی و ئارام بم، یا کوده تا به ر پاکه م؟
ئاگره که خامۆش که م ، یا بڵێسه ی ره هاکه م؟
چۆن له گه ڵیان بسازێم؟
چۆن گرِ نه سێنێ خوێنم؟
چۆن هۆش له سه ر نه ترازێ،
ئه گه ر نه یان ترازێنم؟!
شه وه و ده دره وشێنه وه، وه کو چرای که وشه نان،
منیش له وه تی ده ژیم... شه وبای که و شنبه زێنم!

١٤/١٠/١٩٩٥ - کۆرسۆ